# سینك تانكسەكان Think Tanks و
# ڕۆڵیان لە دروستكردنی بڕیار لە
## ولایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكادا

مەجید ساڵح
magid1968@yahoo.com

پرۆژەكەی بیكەر هاملتۆن و ئەو پرۆژانەی كە دواتر خرانە بەر دەستی سەرۆكی ولایەتەیەكگرتوەكانی ئەمریكا فرسەتێكی باش بوو بۆ هاووڵاتیانی جیهانی سێیەم تا ئەو ڕاستیە بزانن كەوا سەرۆكی ولاتێكی دیموكراتی لە كاتی بڕیاندانلدا لە ژووری نوستنەكەیەوە بڕیارەكانی ناسەپێنێت. لە سیاسەتە ناوخۆیی ودەرەكیەكانی ئەمریكادا كۆمەڵێك سەنتەر ودەزگای لێكۆڵینەوە هەن ڕۆڵێكی یەكجار گەورە دەبینن لە خستنە رووی پێشنیارو راسپاردە بۆ سەركردایەتی ئەو ولاتەو پێیان دەوترێت (Think Tanks) . خاوەن بڕیارەكان ومیدیای ئەو ولاتەش لە بەر ڕۆشنایی پێشنیارو راسپاردەو لێكۆڵینەوەكانی ئەواندا ستراتیژ وبەرنامە بۆخۆیان دادەڕێژن، بگرە زۆر جار ئەو سەنتەرانە ئاراستەی هەنگاونان لە بوارە سیاسی وكۆمەلأیەتی وئابوریەكان بۆ ئیدارەی ئەمریكی دیاری دەكەن. لێرەدا هەوڵ دەدەین تیشكێك بخەینە سەر سروشت وپێكهاتەو ڕۆڵی ئەو سەنتەرانە..

**پێناسەی** (Think Tanks)

زۆربەی ئەو دەزگاو سەنتەرانەی كە لە ژێر ئەو ناوەدا كار دەكەن لە كاتی ناساندنی خۆیاندا، ناوی (Think Tanks) لە خۆیان نانێن وزیاتر خۆیان بە ڕێكخراوی ناحكومی(NGO) یان بە ڕێكخراوێك كە بە دوای قازانجدا ناگەرێت (non profit organization) دەناسێنن، هۆكارێكی سەرەكی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەندێك لەو ڕێكخراوانەی لە ژێر چەتری (Think Tanks)دا كار دەكەن لە لایەن ئیدارەی ئەمریكاوە ئیستغلال دەكرێن بۆ پشتگیری كردن لە هەندێك ئەجەندای حكومەت. بلە بەر ئەو هۆیانەی سەرەوە دۆزینەوەی پێناسەیەكی ورد بۆ ئەو دەزگایانە كارێكی ئاسان نییە. لێرەدا چەند پێناسەیەك دەخەینە ڕوو . (فەرهەنگی خۆراپی Free Encyclopedia/ Wikipedia) بەم جۆرە پێناسەی (Think Tanks) دەكات" بریتیە لە هەموو ئەو دەزگاو سەنتەرانەی كە خۆیان بەناوەندی لێكۆڵینەوەو و شیكردنەوە مەسەلە گشتی وگرنگەكان دەناسێنن". پێناسەیەكی تری ( Think Tanks) ئەوەیە "بریتیە لەو ڕێكخراوانەی كەوا چالاكی لێكۆڵینەوەی سیاسی ئەنجام دەدەن بەمەبەستی ڕۆشنبیركردنی كۆمەڵی مەدەنی بە شێوەیەكی گشتی، ورێنمایی دەدا بەوانەی بڕیاربەدەستن بە شێوەیەكی تایبەت". پێناسەیەكی ترەوەیە "ئەو ڕێكخراوە یان ئەنیستیتۆتە یاخود گروپەیە كە هەڵدەستێ بە لێكۆڵینەوەو دراسات لە بوارێكی تایبەت یان چەند مەسەلەیەكی جیاجیا لە پێناوی بلاوكردنەوەی كولتورێك یان پێشكەشكردنی خزمەتگوزارییەك بە لایەنێكی حكومیی یا ناحكومی (كۆمەڵ بە شێوەیەكی گشتی) وپێشنیار وچارەسەر بۆ كێشەكان دەدۆزێتەوە".

شێوازی كاركردنی هەریەك لەو سەنەتەرانە جیاوازە لەوی تریان، هەندێكیان تەنیا گرنگی بەو مەسەلانە دەدەن كە پەیوەندە بە جیهانیەكان و كاروباری دەرەوە ، بەلأم هەندێكی تریان لێكۆڵینەوە لە سەر مەسەلە ناوخۆییەكان دەكەن (بە كاروباری ئابوری و ژینگەو وزەو كشتوكاڵیشەوە) نمونەی ئەم دامەزراوەش "ئەمریكا ئینترپرایز"ە. بەلأم دەزگای واش هەیە كە تەنیا لەو مەسەلانە دەكۆڵێتەوە كە سروشتێكی سەربازی وموخابەراتی وستراتیژی هەیە وزۆربەی كات دامەزراوە سەربازیەكانی ئەمریكاش پشت بە پێشنیار وزانیارییەكانی دەبەستێ، لە ناو ئەو دەزگایانە دەكرێت دامەزراوی راند ( Rand Corporation) بە نمونە بهێنینەوە. بە شێوەیەكی گشتی ئەو سەنتەرانە دەكرێن بە دوو بەشی سەرەكیەوە؛ ئەوانەی كە سەر بە حكومەتن وئەوانەی سەربەخۆن.

**سەنتەرە سەربەخۆكانی** (Think Tanks)

لە ئەمریكادا زیاتر لە هەزار سەنتەری بیركردنەوەی سەربەخۆ هەیەو زۆربەیان یان سەربە زانكۆكانن یاخود بە شێوەیەكی جیا كاردەكەن. زیاتر لە سەد سەنتەر تەنیا لە واشنتۆندا هەیە ئەوانەی خوارەوە گرنگترین ئەو سەنتەرە سەربەخۆیانەن كەوا لە بوارەكانی سیاسەت ودەوڵەتداری وپەیوەندیە نێونەتەوەیی وستراتیژیەكاندا كار دەكەن:

1. پەیمانگای بروكینگز (Brookings Institute): ساڵی 1927 وەك دەزگایەك كە هەوڵ قازانج نادات دامزراوە وتایبەتە بە لێكۆڵینەوەو دراسەكردنی ئەكادیمیانەی سیاسەتی دەولی، دراسەكانی بە كتێب ولە شێوەی ڕاپۆرت ولە ناو گۆڤارە دەورییەكاندا بلاو دەكاتەوە. سەنتەرێكی لێكۆڵینەوەی لیبراڵەو سەرچاوەی بیركردنەوەی پارتی دیموكراتی ئەمریكایەو زۆربەی كادیر وتوانا مرۆیەكانی ئەو پارتە لەوێوە دێن. ئەم پەیمانگایە ساڵانە زیاتر لە 35 كتێب چاپ دەكات وگۆڤارێكی وەرزیشیان هەیە وساڵانە دەیان كۆڕو سمینار دەگێڕن ولە میدیاكانیشدا بە شێوەیەكی چالاك حزوریان هەیە. ئەنجومەنێكی بەڕێوەبردن ئیدارەی دەكات ولە ناودارترین ئەو كەسانەی كاری تێدا دەكەن "ستروپ تابۆت"ە.

2. پەیمانگای ئەمریکان ئینترپرایز American Enterprise Institute: ساڵی 1943 وەك دامەزراوێك بۆ پشتگیری كردن لە سیستەمی سەرمایەداریو بەرژەوەندیەكانی كۆمپانیا گەورەكان دامەزراوە . بەڵام پاشتر بواری گرنگیی پێدانەكانی بەرفراوان و فرەلایەن بوو. 4 گۆڤاری وەرزی وساڵانەش نزیكەی130 لێكۆڵینەوەو كتێب دەردەكات. هەفتانەش 3 بابەت لە رۆژنامەكاندا بلاّو دەكاتەوە ولە 101 رۆژنامەی رۆژانەدا بە ناوی نوسەر وكەسایەتیە سیاسی وئابوریيە ناودارەكانەوە بلاّو دەبێتەوە. بەلای كەمەوە نیوەی ئەو لێكۆڵیارانەی لەم دامەزراوەدا كار دەكەن بریتین لەو سیاسەتمەدار وفەرمانبەرانەی كەپێشتر لە ئیدارەی ئەمریكیدا كاریان كردوە. لە بەر ئەوەی هەر لە بنەڕەتا ئەمریكان ئینترپرایز بۆ بەرژەوەندی سیستەمی سەرمایەداری دامەزراوە بۆیە بە یەكێك لە دارێژەرانی ئایدۆلۆژیای پارتی كۆماری خوازان وگرنگترین سەرچاوەی بیركردنەوە ئەو حزبە دەدرێتە قەڵەم. بۆ نمونە ساڵی 1981 لە كاتی ئیدارەی رۆناڵد ریگاندا 32 لە ئەندامانی ئەم پەیمانگایە وەك كارمەند هاتنە ئیدارەكەیەوە. لە ساڵی 1977 كاتێك سەرۆك فۆرد لە بەرامبەر جیمی كارتەردا دۆڕاندی خۆی و 20 لە كەسایەتیە دیارەكانی ئیدارەكەی پەیوەندیان كرد بەو پەیمانگایەوە. لە هەموو سەنتەرەكانی تر زۆرتر كاریگەری لە سەر ئیدارەی جۆرج بۆش هەیە وبە ناوەندی بیركردنەوەی پارێزگارە نوێیەكان دێتەژماردن. خاوەنی تیۆری شەڕی پێشگیرانەیە دژی تیرۆریزم وكەسایەتیەكی وەك "مایكل رۆبن"ی تێدایە كەپسپۆرە لە كاروباری عیراق وئیران وئەفغانستان. سەرمایەی پەیمانگای"ئەمریكان ئینترپرایز" 8.35 ملیۆن دۆلارەو داهاتی ساڵانەی دەگاتە 5.24 ملیۆن دۆلار.

3. سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیژی دەولی: ساڵی 1962 وەك دەزگایەكی لێكۆڵینەوەی سەر بە زانكۆی جۆرجتاونی ئەمریكی دامەزرا. دامەزرێنەرانی ئەو سەنتەرە دەڵێن ئەركی ئەوان بریتیە لە هاندانی بریاربەدەستانی سیاسەت وجەماوەری ئەمریكی تاكو بە شێوەیەكی ستراتیژیانە بیرلە مەسەلە دەولیەكان بكەنەوە. لە ماوەیەكی كەمدا ئەم سەنتەرە توانی پێگەی خۆی وەك سەنتەرێكی بیركردنەوەی گرنگ لە واشنتۆندا بسەپێنێت وببێتە ركەبەرێكی بەتوانای سۆفیات وهاوسۆز بێت لە گەڵ ئیسرائیلیەكاندا. لە ساڵی 1981 چەندین پێشنیار ورێنوێنی تایبەت بە مەسەلە ئەمنیەكانی خستەبەردەست ئیدارەی ریگان. 18 ئەندامی ئەم سەنتەرە لە ئیدارەكەی ریگاندا كارمەند بوون بە خودی سەرۆكی سەنتەرەكە "دیڤید ئەبشار"یشەوە كە بوە باڵوێزی ئەمریكا لە پەیمانی ناتۆ.

4. دامەزراوی توراس Heritage Function ساڵی 1972 وەك دامەزراوێكی راستڕەوی موحافزكار دامەزرا ولە بنەڕەتا كاری ئەوەیە كاریگەری هەبێت بۆ سەر رای گشتی ئەمریكایەكان تاكو رێگە خۆش كات بۆزاڵبوونی ئایدۆلۆژیای راستڕەوەكان وموحافزكارەكان بە سەر سیاسەتی گشتی حكومەت وگەڕانەوە بۆ سەر دەسەلاّت. لە كاتی هەڵبژاردنەوەی "رۆناڵد ریگان" بۆ جاری دووەم ئەم دامەزراوە رۆڵی سەرەكی هەبوو. یەكێك لە ئەندامانی ئەم دامەزراوەیە پێی وایە ئایدۆلۆژیا پێش سیاسیەكان دێت. پاش هاتنە سەركاری ریگان 36 ئەندامی ئەم دامەزراوەیە لە شوێنی گرنگ وهەستیار وخاوەن بڕیاردا دامەزران. كاریHeritage Function تەنیا لە ئەمریكادا قەتیس نەماوەو لە سەر ئاستی جیهاندا كاردەكات بۆ بالاّدەستی راستڕەوەكان وپەیوەندی لە گەڵ زیاتر لە 200 رێكخراو وحزب وزانكۆ و گروپی بیانیدا هەیە. لەساڵی 1983 " یەكێتی دیموكراتەكانی جیهانی " لە ژێر رێبەرایەتی ئەم دامەزراوەدا پێك هات و ئەندامەكانی بریتین لە سەرۆكی زیاتر لە 30 حزبی موحافزكار لە جیهاندا. ئامانجی ئەو یەكێتیە ئەوەیە ستراتیژی كاری هاوبەش لە بواری سیاسەتی دەرەوە رەنگ رێژكەن بۆ خۆیان. وەك باقی دامەزراوەكانی تر ئەمیش چەندین بلاّوكراوەو كتێب ولێكۆڵینەوەی ساڵانەی خۆی هەیە.

5. راند كورپوریشن Rand corporation : گەورەترین دامەزراوی لێكۆڵینەوەی تایبەت لە ئەمریكاو جیهان. ئەركەكانی تەنیا بوارەكانی ئاسایش و بەرگری و پەیوەندی ئەو مەسەلانە بە ستراتیژی ئەمریكا دەگرێتەوە. بە عەقڵی بیركردنەوەی وەزارەتی بەرگری ئەمریكا پنتاگۆن دادەنرێت و بە شێوەی گرێبەست لێكۆڵینەوە ودراسات لە سەر چەكەكانی ئەو وەزارەتەو سیستەمە جیاجیاكانی بەرگری پێشەكەش بە پینتاگۆن دەكات. زۆر لە لێكۆڵینەوەكانی ئەم دامەزراوە بلاّو ناكرێنەوە، بۆیە گاریگەری Rand corporation سنوورێكی دیاری كراوی سیاسی وسەربازی نابەزێنێت.

6. پەیمانگای بیكر بۆ سیاسەتی گشتی The Baker Institute "States Leadership Creating a Roadmap Implementation Process Under United" زانكۆی رایسی ولایەتی تەكساس پاش ئەوەی جیمس بیكری وەزیری پیشووتری دەرەوەی ئەمریكا خانەنشین بوو، لە بری ئەو خزمەتگوزاریە نایابانەی كە پێشكەش بە ولاّتەكەی كردوە بە ناوی بیكەرەوە ئەو پەیمانگایەی دامەزراند. ئێستا لەلایەن "ئیوارد دگریگان"ی كۆنە دیپلۆمات و باڵوێزی ئەمریكاوە بەرێوە دەچێت. ئەم پەیمانگایە زیاتر كار بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان ئەو تیۆریانەی كە لە بواری سیاسەتی حكومەتدا دەخرێنە روو لە گەڵ جێبەجێكردنیان لە سەر ئەرزی واقع دەكات. هەروەها كاردەكات بۆ دۆزینەوەی تەنسیق لە نێوان (Think Tanks) و كەناڵەكانی راگەیاندن وحكومەت بۆ دۆزینەوەی بۆچوونی نوێ چەمكی نوێ لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەكان. دیارترین سەنتەری لێكۆڵینەوەی سیاسیە و ساڵانە دەیان كۆڕو كۆبوونەوە و سیمینار دەگێڕێت وبەشێوەیەكی تایبەتیش گرنگی بە رۆژهەلاّتی ناوەڕاست دەدات. ساڵی 1995كۆنفرانسێكی گرنگی گێرا لە ژێر ناوی

هەڕەشەکانی سیاسەتی دەرەوە لە کۆتایی سەدەی بیست، لەئامادەکردنی راپۆرتەکەی "بیکر- هاملتۆن"دا ئەم پەیمانگایە پێشنیار وبۆچوونی زۆری خستبوە روو.

7. پەیمانگای واشنتۆن بۆ لێکۆڵینەوەی رۆژهەڵاتی دوورWashington Institute for Near East Policy ساڵی 1985 لە لایەن چەند سەرکردەیەکی سیاسی جولەکەوە دامەزراوە وپشتگیری سیاسەتەکانی ئیسرائیل دەکات وکاریگەری لە دروستکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا هەیە . لە جیاتی زاراوەی "رۆژهەڵاتی ناوەراست" زاراوەی "رۆژهەڵاتی دوور" بەکاردەهێنن چونکە زاراوەیەکی باوەڕپێکراوی وەزراەتی دەرەوەی ئەمریکایە بۆ وەسفکردنی وڵاتە عەربیەکان و وڵاتانی دەوروبەری. پاش دامەزراندنی زۆربەی چالاکیەکانی سەبارەت بە ململانێی عەرەب ئیسرائیلە. لە ناودارترین ئەو کەسانەی لەم پەیمانگایەدا کاردەکەن دەکرێت ناوی ئەمانە بهێنرێت؛ وارن کریستۆفەر وەزیری دەرەوەی ئیدارەی کلنتۆن، لورانس ئیگیلبرگر وەزیری دەرەوەی سەردەمی ریگان، ئەلکساندر هیگ وجۆرج شۆڵتس و رۆبردماکفار وریچارد بیرل. ئێستا کارو چالاکیەکانی ئەم پەیمانگایە تەنیا تایبەت نییە بە مەسەلەی عەرەب – ئیسرائیلەوە و کۆمەڵێك کێشەی تری وەك ئاسایشی کەنداو وراگەیاندنی عەرەبی وریفۆرمی سیاسی لە وڵاتانی ناوچەکە لە ئەجەندای پەیمانگاکەدایە.

ئیدارەی ئەمریکی لە رێگەی هەڵسوکەوت وپشت بەستنی بەزانیاری وشارەزاییەکانی ئەم دامەزراوانە سودێکی زۆرگەورەی بینیوە، بۆیە تا پێی کرابێت کارئاسانی وهاوکاری کردوون لە هەموو رووەکانەوە. جگە لەوە حکومەت بو شێوەی گرێ بەست پەیوەندی لە گەڵیاندا دەبەستێت، بە مانایەکی تر یەکێك لە دەزگاکانی حکومەت لە گەڵ دەزگایەك لەو دەزگایانەدا دەبەستێت بۆ ئەوەی لە بوارێکی دیاری کراودا لێکۆڵینەوە بکات لە بەرامبەر ئەوەدا ئەو دەزگایەی حکومەت هەموو خەرجیەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیە دەگرێتە ئەستۆو کارئاسانی تەواو بۆ لێکۆڵیارەکان دەکات. لە بەر پشت بەستنی زۆربەی وەزارەتەکانی حکومەتی ئەمریکی بە (Think Tanks) بودجەی دیاری کراو بۆ ئەو لێکۆڵینەوانە تا دێت زیاتر دەبێت. بە رادەیەك لە ساڵی 1965دا تەنیا 225 ملیۆن دۆلار بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کرابوو، بەلاٌم ساڵی 1975 ئەو پارەیە گەشتە دوو ملیارد دۆلار. بۆ ئەوەی حکومەت چیتر ئەو پارە زۆرانە لەو دامەزراوانەدا خەرج نەکات، بیری لەوە کردەوە خۆی هەستێت بە دامەزراندنی دەزگای لێکۆڵینەوەی تایبەت بە حکومەت. ئەوەش گرنگترین ئەو دەزگایانەی لێکۆڵینەیە کە سەربە حکومەتی ئەمریکین:

- ئۆفیسی ژمێریاری گشتی General Accounting Office دەزگایەکی لێکۆڵینەوەیی تایبەت بە گۆنگریسی ئەمریکیە، بودجەکەی نزیکەی 300 ملیۆن دۆلارە. ژمارەی فەرمانبەرەکانی 500 فەرمانبەرە. ئەرکی ئەوەیە لێکۆڵینەوە بکات لە سەر ئەو مەسەلانەی کە پەیوەندیان بە بازرگانی دەرەوەو وزەو باربۆکردنی پەرەپێدانی وڵاتانی بیانی.
- سەنتەری کۆنگریس بۆ خزمەتگوزاری لێکۆڵینەوە گرنگی بە چەند لایەنێکی جیا جیا دەداتبە تایبەت سیاسەتی دەرەوە وپەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان وهەموو لێکۆڵینەوەکانی دەخاتەبەردەست کۆنگریس.
- ئۆفیسی کۆنگریس بۆ بودجە: تایبەتمەندە لە بواری بودجەدانان و هەڵسەنگاندنی لایەنە جیاجیاکانی خەرجی ودەست نیشانکردنی کاریگەریەکانی کەمکردن یان زیادکردنی بودجەی هەندێك بەرنامە.
- ئۆفیسی هەڵسەنگاندنی تەکنەلۆژیا: یارمەتی تێگەیشتنی کۆنگریس دەدات بۆ ئەو ئاڵۆزیانەی کە لە تەکنەلۆژیای نوێدا سەر هەڵدەدەن ویاسای تایبەتی بۆ دادەرێژن.

**شێوازی کاریگەری Think Tanks لە سەر بریاردان لای ئیدارەی ئەمریکی:**

بە هۆی ئەو بوارە دیاری کراوەی کە ئەم دەزگایانە کاری تێدا دەکەن کە تەنیا بواری فکر ولێکۆڵینەوەیە، بۆیە دراسات ودیکۆمێنت وبەرهەمەکانیان تەنیا لە سەرمێزی نووسینگەی گەورە بەرپرسانی ئەمریکادا خۆی دەبینێتەوە. بەشی هەرەزۆری ئەو لێکۆڵینەوانەش ئەو کێشە گەرمانە لە خۆ دەگرێت کە بەلای برپاربەدەستانی ئەمریکاوە گرنگن. جگە لەوەش ئەو لێکۆڵینەوانەی کەوا تابعێکی نهێنیان هەیە وبۆ بریاردانی چارەنووساز دەکرێن ناکەونە بەردەستی رای گشتییەوە ، بەلاٌم ئەوانەی کە لە گۆڤارو بلاٌوکراوەکاندا بلاٌودەکرێنەوە بە مەبەستی ئاگاداربوونی رای گشتی لێیان دەخرێنە بەر دەستی هەمووان. زۆرجار گۆنگریس مانەکانیش بۆ خستنە رووی بیروبۆچوون وخستنە رووی پێشنیارەکانیان پەنا بۆ ئەوگەورە لێکۆڵەوەرانە دەبەن کە لە سینك تانکسەکاندا کار دەکەن. شێوازی سوود وەرگرتنی کۆنگرس لە کەرتی سینك تاکنس لە رێگەی ئەو دانشتنانەدا دێت کە پێی دەوترێت "Hearings" واتە دانشتنی گۆێگرتن. بە واتایەکی تر لیژنەکانی سیاسەتی دەرەوەو بەرگری وئاسایشی نوتەوەیی لە دانشتنی تایبەتی گوێگرتندا لە بیروبۆچوونی لێکۆڵیارانی سینگ تانکس سەبارەت بەو بابەتانە ئاگادار دەبن. بەلاٌم شێوەی سوود وەرگرتنی کۆشکی سپی جیاوازەو لە رێگەی کۆنگرەو وەرگرتنی راپۆرتی و دانیشتنی تایبەتدا بیروبۆچوونەکانیان وەردەگرن.

لە بەر ئەوەی زۆربەی ئەوانەی کە ئێستا لە کەرتی سینك تانکسدا کاردەکەن پێشتر خۆیان کەسانی دیپلۆمات یان خاوەن پلەو پایەی بەرز بوون لە ئیدارەی ئەمریکادا، بۆیە پەیوەندیان لە گەڵ بەرپرسەکانی ئێستای وڵاتەکەدا زۆر بتەوەو ئەو دیاردەیەش یارمەتی ئەوەی داوە هاوکاری وپشت بەستن لە

کاتی دارِشتنی برِیار له نێوان سینگ تانکسەکان و حکومەت بەهێز بێت. پێویستە ئەوەش بگوترێت هەموو سینگ تانکسەکان بە شێوەی یەکسان ئەو هەلەیان بۆ نەرەخساوە تاکو لە حکومەت وبرِیار بەدەستەکان نزیك بن.

پرۆسەی سیاسی لە ئەمریکا پرۆسەیەکی ورد وئالۆزە، چەندین رەگەزو هۆکاری جیاواز کاریگەری خۆی لە سەری بەجێدەهێلێت وئەوکاریگەری هۆکارانە لە دەچنە یەکداو تانوپۆکانیان پێکهاتەیەکی یەکگرتووی لێ دەکەوێتەوە. چۆنیەتی پێکهاتنی برِیارو مومارسەکردنی سیاسەت لە ولأتە لیبرالْ ودیموکراتەکان بەو شێوەیە. بە مانایەکی تر ئەوان پێیان وایە شارەزایی ومەعریفە کاریگەری زۆری لە سەر دەسەلأت هەیە، بۆیە دەسەلأت، شارەزایی ومەعریفەت بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی خۆی راگرێت وبەرژەوەندیەکانیش بپارێزێت. سینك تانکسەکانیش ئەو سەرچاوانەن کەوا شارەزایی ومەعریفەیان لایە.

## سەرچاوەکان


- مراكز الاباث ثينك تانكس وصنع السياسة الامريكية في القرن الحادى والعشرين.
- مراكز الابحاث ودورها في صنع السياسة الامريكية حيال العرب.
- مراكرز التفكير ودورها في التاثير علي صنع السياسة......هزار صابر امين